# دادگایی فرانس ڤان ئانرات و
# ڕاپۆرتی نەتەوەیەکگرتووەکان و خەمساردی بەرپرسانی کورد

## وەلامێك بۆ ڕێزدار خاتوو ڤینۆس فایەق

**عەلی مەحموود محەمەد**
www.anfal.be

بەڕێز خاتوو ڤینۆس فایەق لە دوو ژمارەی 38 و 39 ڕۆژنامەدا لە بابەتێکدا بە ناوی " سەبارەت بە سەردانی تیمی لێکۆڵینەوە هۆڵەندیەکە بۆ کوردستان," لە دەرگای بابەتێکی بە بەهاو گرنگی پڕ بایەخی داوە, مخابن ئەو بابەتە لە ناو هەر نەتەوەیەکی داماوی کورد ئاسای دیکەدا بنووسرابایا , دنیایەك هەلای دەنایەوە , کۆمەڵێك خەڵکی دەهێنایە قسە و هەندێکی دیکەش دەبوایا وازیان لە سیاست بهێنایا و توخنی دەسەلات نەکەوتنایەتەوە , وەلێ لە ولاتی نەخوێندەواری و بێدەربەستی وەك کوردستاندا , بابەتێکی ئاوا بە بێدەنگی تێدەپەڕێت و بەهەند ناگیرێت و لایەنە پەیوەند دارەکانیش هەر نایخوێننەوە , هەرچەندە ئەمە لە کوردستاندا بۆتە دیاردەی باو .

تاکو ئێستا زۆر لەسەر دادگاییکردنی فرانس ڤان ئانرات نووسرا , بەشێکی زۆری زانیاری ڕاست و بەشێکی دی ئەگەر بە هۆڵەندی بنووسرانایە , ئەوا خاوەندەکانیان تووشی لێپرسینەوەی یاسایی دەبوون , تەنانەت خاوەندارییەتی وا لەو دادگاییە کراوە , داواکاری گشتی دادگاکە بەڕێز فرەید تەیفن کە فەزڵی گەورەی سەرکەوتنەکە بۆ ئەو دەگەرێتەوە , جورئەتی ئەوە ناکات ئەو نازناوانە لە خۆی بنێت و ئەو پاشناوانە هەڵبگرێت , دوور لە ئاگاداری هۆڵەندیەکان و بێ ئاگاداربوونی ئەوان بە زمانی کوردی زۆر شت وترا و نووسرا , مخابن زیادەڕۆیی هەمووکات لە کۆتایدا زیانلێکەوتووی یەکەم هەر خاوەندەکەی دەبێت ,چونکە تیمەکانی توێژینەوە لە داهاتوودا کاری خۆیان ئەنجامدەدەن و پەیامە ڕاستییەکەی خۆیان هەر دەگەیەننە گەل , مخابن ڕۆژنامەگەری کوردی لە هۆڵەندا دەبوایا وردبین بونایا لەم بوارە و بیلایەنانە کاری جدییان بکردبایا لە گەیاندنی زانیارییەکان لەسەر خودی ئەو کەیسە گەورەیە بە خوێنەری کورد .

خاتوو ڤینۆس فایەق لە نزیکەوە ئاگاداری دۆسییەکەیە , بە تایبەتیش خولی پێداچوونەوەی بڕیارەکە , بۆیە نوسینەکەی بەهەند دەگرم , لە هەندێك برگەی نووسینەکەیدا پشتگیری لێ دەکەم , لە پشکێکی دیکەی بابەتەکەیدا ئیزافەی دەخەمە سەر و دەوڵەمەندی دەکەم , لە هەندێك کاتیشدا بە تەواوی لێی جیادەبمەوە .

خاتوو ڤینۆس دەنوسێت " دادگاییکردنەکەی فرانس فان ئانرات لە گەورەترین دادگای ئەورووپی لە هۆڵەندا دەرگایەکی گەلێ گەورە و فراوانی لەبەردەم ناساندنی دۆزی تاوانەکانی ئەنفال وەکوو تاوانی جینۆساید و تاوانی جەنگ کە دژ بە میللەتی کورد ئەنجامدراوە.. هەرچەندە فرانس فان ئانرات (بازرگانی هۆڵەندی کە بەر لە هێرشەکانی ئەنفالەکان و کیمیابارانی هەڵەبجە دەستی تاوانی لەگەڵ دیکتاتۆری بەغدا سەددام حوسێن تێکەڵکردبوو بە فرۆشتنی بڕی زۆر گەورە لە ماددەی تی دی جی کە ڕاستەوخۆ دەچێتە دروستکردنی گازی خەردەل و گازی کیمیایی و سەددام زۆربەی زۆری ناوچە کوردیەکان بەتایبەت هەڵەبجەی پێ بۆردومان کرد) هەرچەندە لە کۆتایی دادگاییەکەیدا بە تاوانی ئەنجامدانی تاوانەکانی جینۆساید سزا نەدرا ، بەلام دادگا هۆڵەندیەکە دانی بەوەدا نا کە تاوانەکانی ئەنفال و هێرشەکانی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە و ناوچە کوردیەکانی تری عێراق و ئێران بە پێی یاسا بە تاوانی جینۆساید و تاوانی جەنگ و تاوانەکانی کۆکوژی ناوبرا.." .

سەرەتا دەبێت ئەوە بزانین دادگای شاری دەنهاخ , گەورەترین دادگای ئەورووپی نییە , بەڵکە دادگایەکی جێگەی متمانەیە لە ولاتێکدا بۆ خۆی بەشێکە لە یەکێتی ئەوروپا , ئەگەر ئەو دادگایە دادگای شارێکی لاپەڕی بچوکترین ولاتی یەکێتی ئەورووپیش بوایە , لە ڕوی سیاسی و یاساییەوە بڕیارەکە هەمان کێشی یاسایی و کاردانەوەی سیاسی دەبوو , لە کۆتاییدا

بڕیارەکانی دەبێتە بڕیاری سەرجەم وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا .

ئەوەندەی من ئاگاداربم تاوانی هەڵەبجە بەهۆی پشکداری ئێران لە شەڕەکە , وە بوونی هەڵەبجە لەو لەحزەیە بەبەشێك لە بەرەی شەڕی ئێران- عێراق , لەو دادگاییە بە تاوانی ژینۆساید نەهاتە ناسین , تەنانەت لە خولی یەکەمی دادگاکەشدا , بەڵکە کاردانەوەی ڕژێم لەبەرامبەر خەڵکی هەڵەبجە , گرتن و ئەنفالکردن و ناردنیان بۆ ئۆردوگاکان , بە بەشێك لە کردەی ژینۆساید هاتە ناسین , بۆیە خودی کیمیابارانەکە چەندە تاوانێکی مەزن و ناسراوە لە ئاستی جیهانی بە بۆچوونی ئەوان تاوانی ژینۆساید نەبووە , بەڵکە ڕەگەزەکانی ژینۆساید لە مامەڵەی ڕژێم لەگەڵ خەڵکەکەی لە گرتن و زیندانیکردن و ناردنیان بۆ ئۆردوگا زۆرەملێکان دەردەکەون و ئاماژەن بۆ ئەنجامدانی تاوانی ژینۆساید .

هۆڵەندییەکان لە پێناو سەرکەوتنی دادوەری و ڕاستی هەموو هەولێکیان خستە کار بۆ سەرخستنی ئەو دۆسیەیە , دەیان ملیۆن ئیرۆیان خەرجکرد , ڕەنجێکی زۆریان دا , سەردانی وڵاتانیان کرد لە مەشرەقەوە بۆ غەرب , تاناکایان لە ژاپۆن دۆزییەوە , فینك لە سویسرا , شۆڕش حاجی لە بەریتانیا , سەلام ئیبراهیم لە دانمارك ,پۆلا لە سوید , هەموشی لە پێناو سەرکەوتنی دادپەروەری لە وڵاتەکەیان ..... , ئەوان ئەوەیان لەبەر خاتری چاوی کورد نەکرد , ئەکوا هاووڵاتییەکی هۆڵەندییە بە هەمان شێوە لە لیبریا تاوانبار بوو دادگاییکرد , هەرچەندە هۆڵەندییەکان شانازی بەخۆیانەوە دەکەن کە لە کاروباری بازرگانی زرنگن , وەلێ نەك لەسەر خوێنی گەلان .

لە ڕاستیدا ڕەگەزەکانی ژینۆساید لە ئەنفال و بەعربکردن و ڕاگواستن و خاپوور کردنی لادێکان و کۆکردنەوەی هاووڵاتیان لە ئۆردوگا زۆرەملێکاندا دەردەکەوێت , وەلێ لە هەڵەبجەدا ڕەگەزەکانی تاوانی جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی دەردەکەوێت , بە هەموو پێوەرێك ئیلیمەنتی ژینۆساید لە ئەنفالدا هەیە , دادگا تەنها کاری ئەوەیە ڕەگەزەکان دەکاتە بەرگێکی یاسایی و شەرعییەتی پێدەبەخشێت لە ئاستی نێونەتەوەیی , ئەگەر بڕیارەکە لە دادگایەکی شارێکی لاچەپی ئەوروپیشەوە دەربچێت , گەورەیی بڕیارەکە لە گەورەیی یەکێتی ئەوروپا و دادپەروەری دادوەرییەوەیە لەو وڵاتە .

گۆڕی بە کۆمەڵ , ڕاپۆرتی دادپزیشکی , دەرهێنانی ژن و منداڵی کوژراو لە گۆڕە بە کۆمەڵەکان , منداڵی مەمك لە دەم و یاری بەدەست , پیرێژنی پەككەوتەی گولە بەسەرەوە نراو , شارەزایانی ناسراو جێ متمانەی نێونەتەوەیی , کە ئەو گۆڕانەیان هەڵداوەتەوە , باشترین بەڵگەی زیندوون بۆ ئەنجامدانی ژینۆساید لە ئۆپەراسیۆنی ئەنفالدا , بەشێك لەمانە خرانە بەردەست دادگا لە خولی پێداچوونەوە , بەداخەوە درەنگ بوو بۆ گەیشتنی ئەو دۆکۆمێنتانە . ڕەگەزەکانی تاوانی ژینۆساید بونیان لە ئەنفالدا هەیە , ئەگەر لە لایەن دادگای شاری لاهایەوە بەرگی یاسایی بەبەردا بکرابایا, ئەوە گرنگی خۆی دەبوو بۆ ناساندنی تاوانەکە بە ژینۆساید لە ئاستی جیهانی , چونکە هەمان بڕیار لە ئاستی هەر 25 وڵاتەکەی یەکێتی ئەوروپا فەرمیەتی پەیدا دەکرد .

تاوانی سربرینیتشا لە بۆسنیا کە لە ساڵی 1995 ئەنجامدرا لە لایەن سربەکانی بۆسنییەوە بە جینۆساید ناسێنرا " کە تیایدا 8 موسڵمان بە کۆمەڵ گولەبارانکران , کە مەزنترین تاوان بوو لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە لە ئەوروپا , تیایدا سربەکان پەلاماری پوازی موسڵمان نشینی سربرینیتشایان دا, بە کۆمەڵ خەڵکەکەیان گولە بارانکرد ,دواتر تەرمەکانیان گواستەوە بۆ جێگەیەکی دیکە بۆ ئەوەی تاوانەکەیان بشارنەوە " , وەلێ شەڕەکانی دیکە لە هەمان وڵات بە کردەی جینۆساید نەهاتە ناسین لە لایەن هەمان دادگاوە , بۆیە ناکرێت ئێمە ناوی هەموو ئەو کۆمەڵکوژیانەی بەسەرماندا هاتووە , بە ناوی ژینۆساید ڕیزبەندی بکەین , زیان لێکەوتووی یەکەم لەم پۆلێنکردنە هەڵەیە , هەر ژینۆسایدە ڕاستەقینەکە دەبێت کە هەموو ڕەگەزەکانی لە ئەنفالدا بە ڕوونی دەردەکەوێت , ژینۆسایدێکی دانپێنراومان هەبێت باشترە لە هەزاری دان پێنەنراو .

ڤڕکردنی نەتەوەیەك , یان بەشێك لە نەتەوەیەك کردەی ژینۆسایدە , قەدەغەکردنی خواردن , یان تەرحیلکردن , کوشتنی بە کۆمەڵ هەموو دەچنە خانەی ژینۆسایدەوە , لە پرۆسەی ئەنفالدا بەشێکی گرنگ لە کورد " کە 5٪ ی کۆی دانیشتوانەکەیەتی (لە منەوەیە ڕێژەکە) " لە ناو دراوە , نزیك بەتەواوی لادێکانی لەگەڵ زەویدا تەختکراوە , ئەمە ئەو وتانە بوو لە ناو دادگا وترانەوە .

چۆن هەڵەبجە کوردەی ژینۆسایدی نییە لە دۆسیەکە , بەهۆی ئامادەیی ئێرانەوە لە لەحزەی کیمیاباران کردنەکەدا , بەهەمان شێوە کارەساتی زێوەش کە تیایدا بارەگای کۆمۆنیستەکانی عێراق کیمیاباران کرا, کوردەی ژینۆساید نییە بە پێی بۆچوونی هەمان دادگا , هەرچەندە زۆرترین ژمارە شایەدی خۆیاندا لەسەر ئەو تاوانە , وەلێ لە بیرمان نەچێت لە کاتی جەنگ نابێت چەکی کیمیاوی بکار بهێنرێت بەپێی بڕیارەکانی ڕێکخراوی ئۆ پی سی دەبلیو , بۆیە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی بۆخۆی تاوانی جەنگە .

یاسای ژینۆساید بۆ پاراستنی کەمینەکانە لە کوردەی ژینۆساید , هەر بۆیە ناسینی ئەو تاوانانە بە ژینۆساید , گرنگی سیاسی و یاسایی مەزنی هەیە بۆ پاراستنی کورد لە هەڕەشەی داگیرکەران لە داهاتوودا .

دادگا دەریخست , ئەگەر لایەنێك پێشتر زانیاری هەبووبێت کە ئەو کەرەستانەی ناردویەتی بۆ عێراق , بۆ ژینۆسایدی کورد بەکار دەهێنرێت , ئەوا بەشدارە لەو تاوانە . هەر کەس مادە یان زانیاری بداتە دەوڵەتێك , کە زانیبێتی بۆ سەرکووتی کورد بەکاردەهێنرێت ئەو مادەیە , یاخود ئەو زانیارییە , ئەوە بەشدارە لە کوردەی جینۆسایدەکە . بۆیە تاوانبار تاوانبارە , ئەگەر بزانێت هاوکارییەکەی دەبێتەهۆی ئەنجامدانی کوردەی جینۆساید , مرۆڤ ئەگەر بزانێت کارێك دەکات ئەنجامەکەی دەبێتە هۆی جینۆساید , ئەوە ئەو کارەی دەیکات بۆ خۆی دژ بە یاسایە . لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت لیستی تاوانباران لە بەشداربووانی ژینۆسایدکردن و تاوانی جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی نەتەوەی کورد لیستێکی دوورودرێژە لە ناوی وڵاتان , کۆمپانیا , ڕێکخراو , کەسایەتی ... , ئێستا چۆن بتوانین ئەو لایەن و دەوڵەت و کۆمپانیایانە لە هەنگاوی یەکەمدا دەستنیشان بکەین , بۆ ئەوەی لە هەنگاوی دوەمدا بچینە ناو شەڕی یاساییەوە , ئەمە پرۆسەیەکی مەزنی درێژخایەنە , بەبێ بوونی دەزگای لێکۆڵینەوەو پشکنینی شارەزایگەورە و دەوڵەمەند و دڵسۆز و جدی لە کارکردن , هەوڵەکانی بە ئاکام ناگات , لە هەموو پرۆسەیەکدا هۆڵەندایەك بۆ کورد لە ئاسمانەوە نابارێت , ئانراتت بۆ دادگاییبکات و زیاتر لە 40 ملیۆن ئیرۆ لە دادگایەکە خەرجبکات .

لە پرۆسەی دادگایی فرانس ڤان ئانرات دەرکەوت , لە لایەن دادگای هۆڵەندییەوە , پێش ساڵی 1985 زانیاری پێویست لە بەردەستا نەبوو لەسەر سەرکووتکردنی کورد بە هۆی نەبوونی سەرچاوەوە , دیارە ئێمە سیدییەکی تاوانی ڤڕکردنی بارزانیەکانمان دابوو بە دادگا , وەلێ بۆ سەلماندنی ئەو تاوانە گەورەیە ئەوە بەس نییە , پێویست بوو لە دۆسییەکی گەورە تاوانەکە بە بەڵگەنامەوە پێشکەش بکرێت لە لایەن دەزگایەکی جێ متمانەی جیهانییەوە , هێنانەوەی تەرمی بارزانییەکان بە بێ ئەوەی تیمەکانی پشکنینی نێونەتەوەیی کاری لەسەر بکەن ئەو شانسەی لەم دۆسیەیە سەندەوە , ئەمەش خەمساردی دەسەڵاتی کوردی دەردەخات لە هەمبەر ئەو تاوانانە , چۆن پاش 24 ساڵ لە ئەنجامدانی تاوانێك هێشتا نەتوانراوە دۆسییەیەك لەو تاوانە کە کەمتر نییە لە تاوانی سربرینیتشا پێشکەش بە دەزگا نێو دەوڵەتیەکان بکرێت , لە کاتێکدا ئەو دەزگاو ناوەندانە هەموو سۆزیان هەیە لەگەڵ دۆزەکە .

### عەلی حەسەن مەجید و دۆزی ئانرات

لە بەشێکی دیکەی وتارەکەیدا خاتوو ڤینۆس فایەق دەنووسێت : " ئەوە بۆخۆی هەلێکی مێژوویی گەورەبوو بەتایبەت هاوزەمان لەگەڵ داودانشتنەکانی ئەو دۆزە لە هۆڵەندا ، دانیشتنەکانی دادگاییکردنی عەلی حەسەن مەجید (عەلی کیمیایی) لە دادگای باڵای تاوانی عێراقی بەڕوە دەچوو.. لەگەڵ ئەوەی ئەوەندەی من ئاگاداربم لەلایەن هۆڵەندیەکانەوە زۆر هەوڵدرا بۆ پەیوەندیکردن بە دادگا عێراقیەکەوە و گۆڕینەوەی زانیاری و شاهیدەکان ، بەتایبەت بەنیازی پەلکێشکردنی عەلی کیمیایی بۆ بەردەم دادگا هۆڵەندیەکە.. بەلاَم بەداخەوە ئەو شتە روویندا ، کە دەکرا دۆزی قەرەبووکردنەوەی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان و بەجیهانی ناساندنی ئەو تاوانانە وەکوو تاوانی جینۆساید بە جیهانی دەروە بناسێنێت و سەدایەکی نێوەنەتەوەیی گەورەی لێدەکەوتەوە ، کە بۆ داهاتوو میللەتی کورد وەکوو میللەتێکی زوڵم

لێکراو سوودی لێدەبینی و، هەروەها ئەتوانرا بەپێی یاساکانی مافی مرۆڤ و یاسا و ڕێکەوتننامە نێونەتەوەییەکان لەو بوارەددا بکرێتە بنەما بۆ ئەگەری جیابوونەوەی کورد و دروستبوونی کیانێکی سیاسی سەربەخۆ ، بەپێی ئەوەی هەر میللەتێك لە دونیادا لەسەر دەستی میللەتێکی تر دووچاری لەناوبردنی مەنهەجی و نەخشەبۆکێشراو بکرێت کە پێی دەوترێیت جینۆساید ، بۆی هەیە داوای جیابوونەوە بکات لە ترسی ئەگەری دووبارەبوونەوەی ئەو تاوانانە ".

ئەو نامەیەی کە هۆڵەندییەکان ناردیان بۆ دادگای باڵای تاوانەکان کۆپیەکی لای من وەك دۆکۆمێنت پارێزراوە , دواتر ئیمەیلم کرد بۆ دادگای باڵای تاوانەکان , وەلێ داوایان کرد نەگاتە دەست دەزگاکانی ڕاگەیاندن , بۆیە ئەمە یەکەمین جارە ئاماژەی پێدەدەم , خاتوو ڤینۆس و کاك عەلی ڕەحیمی ئاگاداری بەشێك لەو پەیوەندیانە هەن کە کرا بە دادگای باڵای عێراقییەوە لەو ڕاستایە , لە ڕاستیدا لەلایەن ئەمەریکییەکان و عێراقەوە ڕازی بوون تیمەکانی پشکنینی هۆڵەندی سەردانی عەلی حەسەن مەجید بکەن لە زیندان و لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا ئەنجام بدەن , وەلێ ئەوە دادگای هۆڵەندی بوو ڕەتیکردەوە تیمەکانی پشکنینی خۆی بنێرێت بۆ بەغدا , هەرچەندە لە سەرەتادا لەسەر ئەوە ڕێك کەوتن پۆلیسێکی لێکۆڵینەوە پرسیارەکان ببات بۆ بەغدا , کەسی دی نەچێت , وەلێ دوایی دادگا لەوەش پەشیمان بووەوە , بەڵام بۆ پەلکێشکردنی عەلی حەسەن مەجید بۆ هۆڵەندا ئەوە ئاواتی ئەویش بوو بۆ ڕزگارکردنی ملی لەو قەنارەیەی بۆی ئامادەکراوە , وەلێ لە ڕوی یاساییەوە پێی ناچێت ئەنجامدانی ئەو کارە شیاوی جێبەجێبوون بوبێت , بێشك بکرابایا هەنگاوێکی گەورە بوو بۆ ناساندنی دۆزی ژینۆسایدی کورد لە ئاستی جیهانی . هەروەسا ئەگەر بهاتبایە بڕیاری دادگا لەسەر دۆزی ئەنفال لە بەغدا پێش بڕیاری دادگای شاری لاهای هۆڵەندی بکەوتبایە , ئەوا کاردانەوەی ئەرێی دەبوو لەسەر خودی بڕیاری دادگای ئانرات , لەسەر ناسینی تاوانی ئەنفال بە ژینۆساید , بەهەر حاڵ ئۆباڵی ئەنجامنەدانی ئەو کارە تەنها لە ئەستۆی دادگای شاری دەنهاخ بوو .

گرتنی ئانرات و سکاڵا تۆمارکردن لەسەری

خاتوو ڤینۆس لە بڕگەیەکی دیکەی بابەتەکەیدا دەنووسێت " دوای ئەوەی فرانس فان ئانرات پێشتر لەلایەن پۆلیسی هۆڵەندیەوە دەستگیر دەکرێ ، ساڵی **2004** حیزبی سۆسیالیست و کۆمەڵێك لە قوربانیەکانی کیمیابارانی هەڵەبجە کە لە هۆڵەندان ، لەگەڵ پارێزەری قوربانیەکان شکایەتنامەیەك دەدەنە پۆلیسی هۆڵەندی لە دژی فرانس فان ئانرات و تاوانباری دەکەن بە تۆمەتی ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید و فرۆشتنی بڕی زۆر گەورە لە ماددەی **TDG** کە راستەوخۆ دەچێتە دروستکردنی چەکی کیمیایی وەکو گازی خەردەل و ئەعساب.. ".

لێرەدا خاتوو ڤینۆس ناوی ناوەندی چاکی لە بیر دەچێت , دەتوانێت لەو سکاڵاکەرانە بپرسێت چۆن هاتنە ناو پرۆسەکەوە و لە ڕێگەی کێوە پەیوەندییان پێوە کرا , نە ئەو کەسانە نەناسراون تاو نەدۆزرێنەوە , نە مێژووەکەش ئەوەندە دوورە بیرکردنەوە غەدرمان لێبکات و لە یاد کرابێت .

لە بەرواری 2003-9-18 , ناوەندی چاك و پارتی سۆسیالست و فیدکۆم و خەباتکارێکی هۆڵەندی بەناوی مارتین کۆمیتەیەکیان پێك هێنا بۆ بە دادگایی گەیاندنی فرانس ڤان ئانرات , ئەو هەوڵەش دوای بڵاو بونەوەی ناوی ئانرات لە ڕاگەیاندنەکان هات , پاش ئەوەی خاتوو کریستای پەرلەمانتار لەسەر لیستی سۆسیالست لە پەرلەمانی هۆڵەندی قسەی لەسەر تاوابار کردبوو .

وەلێ کاتێك تەلەفزیۆنی نێت ڤێرك لە بەرواری 2003-12-4 چاوپێکەوتنێك گرنگ و مێژویی لەگەڵ فرانس ڤان ئانرات ئەنجامدا , ئەوسا وزارەتی داد بە تایبەتیش داواکاری گشتی بەڕێز فرەید تەیفن دۆسییە لەسەر ئانرات دەکاتەوە " بەرنامەی نێت ڤێرك بووە هۆی لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئانرات , داواکاری گشتی ئەو بەرنامەیەی کردە سەرەتای

لێکۆڵینـــەوەی خــۆی " دوای ئـــەو چـــاوپێکەوتنە دادگاییمـــان دانـــا بـــۆ ئـــانرات " ئەمـــە لـــە دادگـــا وترایـــەوە , بـــە هـــەمان شـــێوەش داواکـــاری گشـــتی فرەیـــد تـــەیفن لـــە چـــاوپێکەوتنێکی تایبەتـــدا لەگـــەڵ بەنـــدە هـــەمان شـــتی پێشـــتر ڕاگەیانـــدبوو , خـــاتوو ڤینۆســـیش بۆ خۆی گوێبیستی ئەمە بووە لە ناو دادگا .

" , وەلـــێ کاتێـــك ئـــانرات پـــاش ئـــەوەی تەلەفۆنەکـــەی کـــۆنترۆڵ دەکرێـــت لـــە لایـــەن دەزگـــای هـــەوالگری هۆڵەندییـــەوە , کەدەیـــەوێت وڵات بـــەجێبهێڵێت بـــۆ بـــەڵقان و لـــە دادپـــەروەری هـــەڵبێت , ئـــەوا لـــە بـــەرواری 6-12-2004 پۆلیســـی هۆڵەنـــدی دەیگـــرن , واتـــا گرتنەکـــەی پەیوەنـــدی بـــە هـــەوڵی هـــەڵاتنی خۆیـــەوە هـــەبووە نـــەك ســـکاڵا تۆمـــارکردن لەســـەری , هەرچـــەندە دۆســـییەی لەســـەر کرابـــووەوە , لـــەو چـــاوپێکەوتنە زۆر دان پێنـــانی گرنگـــی تێـــدا بـــوو , وەلـــێ هـــۆی گرتنەکـــەی لـــەو لەحزەیـــە بـــەهۆی هـــەوڵی هەڵاتنیـــەوە بـــوو لـــە دەســـت دادپـــەروەری , چـــونکە دەیـــانزانی ئـــەو 14 ســـاڵ لـــە دادپـــەروەری خـــۆی شـــاردەوە کاتێـــك لـــە ئیتاڵیـــا هەڵات , ئەمجارەش هەڵبهاتایە ئەوا دۆزینەوەی ئەستەم بوو .

وەك یـــەکێك لـــەو هەڵســـوڕاوانەی ناوەنـــدی چـــاك , کـــە چـــالاکانە پشـــکداریم کـــرد لـــە هەوڵـــەکانی دۆزی فـــرانس ڤـــان ئـــانرات لـــە چـــرکە ســـاتەکانی یەکەمـــەوە تـــاکو کۆتـــایی , لـــە دووولاوە ڕەخنـــەم هەیـــە لـــە خاوەندارییـــەتی لـــەو دۆزە , لـــە لایەکـــەوە وا نیشـــان بـــدرێت ئـــەو دادگـــا گەورەیـــە چـــاك پێیهەڵســـابێت و ئـــانراتی بـــەگرتن دابێـــت , لەوانەیـــە منـــیش لـــە لەحزەیەکـــدا وا بـــیرم کردبێتـــەوە , وەلـــێ کـــە گەیشـــتم بـــە ڕاســـتی بیرکردنـــەوەم گـــۆڕا , ئـــەم بۆچـــوونە لـــە کۆتایـــدا بـــە زیـــان تـــەواو دەبێـــت بـــۆ خاوەنەکـــەی , ئەگـــەر بتـــوانین لـــە ڕاگەیانـــدنی هۆڵەندیـــدا ڕاشـــکاوانە بڵـــێین ئێمـــە ئانراتمـــان بـــە گـــرتن داوە و بـــە دادگایمـــان گەیانـــدووە , ئـــەوا زۆر ئاســـاییە بـــە کـــوردیش هـــەمان لێـــدوان بـــدەین , وەلـــێ ئەگـــەر بـــە هۆڵەنـــدی نـــەتوانین لێـــدوانی لـــەم چەشـــنە بـــدەین و کـــەس لێمـــان نـــەکرێت , ئـــەوا پێویســـت ناکـــات بـــە کـــوردی ئـــەو بانگەشـــەیە بکـــەین , چـــونکە چـــاو بـــە چـــاو دەکـــەوێت , جیهـــان بۆتـــە گونـــدێکی بچـــووك و دەرگـــای کوردســـتان و بەشـــداریکردنی کۆڕوکۆبونـــەوەکان بـــۆ ڕاپەڕێنـــەرانی ئـــەو کەیســـە کراوەیـــە لـــە کۆتاییـــدا هـــەر قســـەی خۆیـــان دەکـــەن , هـــەروەها زۆر وەرگێـــڕی کـــورد کاریـــان لـــەو کەیســـە کـــردووە , ئاگـــاداری وردو درشـــتی پرۆســـەکە هـــەن , بـــە هـــەمان شـــێوە ڕەخنـــەم لەوانـــەش هەیـــە کـــە دەیانـــەوێت ڕۆڵـــی چـــاك لـــە پرۆســـەی دادگاییەکـــە بکـــەن بەســـفر , ئـــەو هـــەموو مانـــدوبون و ســـکاڵاکەر پەیـــدا کـــردن و بەڵگەنامـــە پێشـــکەش کـــردن و شـــایەد دۆزینـــەوەو خۆپێشـــاندان ڕێکخســـتن و پـــارێزەر گرتنـــە بـــە هەنـــد نـــەگرترێت , مەســـەلەیەکی کـــوردی هەیـــە دەڵێـــت هەمووشـــت بـــە خـــوێ , خـــوێش بـــە مانـــا , چـــاك لـــەو دۆســـییەیە هـــەموو نـــەبوو , بەڵکـــە جەســـتە گەورەکـــە وزارەتـــی دادی هۆڵەنـــدی و ڕاگەیانـــدنی هۆڵەنـــدی بـــوو , وەلـــێ بەشـــێکی باشـــیش لـــەو هەوڵـــە گەورەیـــە بـــەر چـــاك و کۆمیتەکـــە دەکـــەوێت , بۆیـــە جێـــی خۆیـــەتی هـــەموو بەشـــداربووان شـــانازی پێوە بکەین , وەلێ بەبێ غرور بوون لە یادکردنی ڕەنجی هەمووان .

### تیمی پشکنینی هۆڵەندی و خەمساردی بەرپرسانی کورد

لـــە درێـــژەی بابەتەکەیـــدا خـــاتوو ڤینـــۆس لـــە پـــەرەگرافێکی دیکـــەی بابەتەکەیـــدا نووســـەر دەنووســـێت "ناوەڕاســـتی ئـــەو ســـاڵە ، تیمێکـــی بـــیرۆی لێکۆڵینـــەوەی نیشـــتیمانی هۆڵەنـــدی **Bureau van Nationale Recherche Dienst** بـــە مەســـتی لێپێچـــینەوە بەدواداچـــوون لـــە دۆزەکـــەی تاوانبـــار (فـــرانس فـــان ئـــانرات) دەســـتبەکار دەبـــن بەمەبەســـتی دادگـــاییکردنی تاونبـــاری نـــاوبراو.. بـــۆ ئـــەو مەبەســـتە ئـــەو تیمـــە کەوتـــە پەوەنـــدی کـــردن بـــە لایەنـــە پەیوەندیدارەکانـــەوە وەك: حیزبـــە کوردســـتانیەکانی عێـــراق ، ڕێکخـــراوە کۆمەڵایـــەتی و مەدەنیـــە کوردیـــەکانی نـــاو هۆڵەنـــدا ، قوربانیـــەکانی چـــەکی کیمیـــایی ، کەســـایەتی و سیاسەتمەدارانی کوردی و عێراقی ، جگە لە هەر لایەن و کەسێك ئامادەبووبێت دەستی یارمەتی درێژ بکات..

ئـــەوان بـــۆ وەدیهێنـــانی عەدالـــەت و مەبەســـت و ئامانجیـــان لـــە دادگاییکردنەکـــە چـــەند خـــاڵ و پرســـیارێکیان دەستنیشـــان کردبـــوو کـــە کردبوویانـــە بنـــەما بـــۆ دەســـپێکردنی قۆناغـــەکانی لێکۆڵینـــەوە و لێپێچـــینەوەکانیان ، لەوانـــە: کـــەی و لـــەکوێ چـــەکی کیمیـــایی لـــە لایـــەن ســـوپای عێراقـــەوە بـــەکارهێنراوە؟ لـــە چ بنکەیەکـــەوە فرۆکـــەکان هەڵســـاون کـــە بۆردومـــانی ناوچـــەکانیان بـــە چـــەکی

کیمیایی کردووە؟ ئەو فرۆکانە بەشێك بوون لە چ یەکەیەکی سەربازی؟ ئایا ناوی فرۆکەوانەکان ئەزانرێت کە ئەو فرۆکانەیان لێخوریوە؟ ئەو فرۆکەوانانە ئیستا لە کوێن؟ ئایا ناوی ئەو کەسانە زانراوە کە لەو بنکە سەربازیانە کاریان کردووە؟ ئەو کەسانە ئیستا لە کوێن؟ ئایا جۆری ئەو بۆمبانە چین کە بەکار هاتوون؟ و ئایا پاشماوەی ئەو بۆمبانەی نەتەقیونەتەوە ، هەلگیراون؟ ئەگەر هەلگیراون ، لەکوێ؟ ئایا زانراوە لە کوێ ئەو بۆمبانە دروستکراون؟ ئایا ئەو کەسانەی پەیوەندیداربوون بە دروستکردنی ئەو بۆمبانەوە ناسراون لاتان؟ ئایا لەکوێن؟ ".

ئەم کۆمەڵە پرسیارەی ئەو تیمە خستویانەتە بەردەم خۆیان تاکو بگەن بە وەڵامەکانیان , پرسیاری گرنگ و پڕ بەهان , تاکو ئێستاش لایەنی کوردی نەیانتوانیوە پەی بە گرنگیان ببەن و وەڵامەکانی بەدەست بخەن , خولقاندنی پرسیار و گەیشتن بە وەڵامی ڕاست و درووست لە پرۆسەیەکی دادپەروەریدا دەرهێنانی هەقیقەتە لەناو جیهانی تەمومژاویدا , وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە بۆ لایەنی کوردی گران نەبوو ئەگەر ئامادەیی پێشوەختیان هەبوایا و دەزگای ستراتیژی تایبەت بەو کارە و تیمی پشکنینی خۆی هەبوایا , ئێستاش پێویستە لایەنی کوردی بە دوای وەڵامی ئەو پرسیارانەوە بێت , ئەگەر بیەوێت کار لەسەر ئەو کەیسە گرنگە بکات , لە هەنگاوی یەکەمدا بوونی دەزگای لێکۆڵینەوەی ستراتیژی و بە ئەرشیفکردنی دۆکۆمێنتەکان گرنگترین پێداویستین .

خاتوو ڤینۆس درێژە بە نووسینەکەی دادات و لە دەرگای بابەتێکی زۆر هەستیار دەدات و دەنووسێت " ناجی سەبری ئەلحەدیسی وەزیری دەرەوەی عێراق زەمانی سەددام راپۆرتێکی 2500 لاپەڕەی داوەتە لیژنەی نەتەوە یەکگرتووەکان کە زۆر باسی وردیکاریەکانی پیشەسازی چەکی کۆکوژی دەکات ، ئەو راپۆرتە کە والتەردایك نووسیویەتی ناوی: Find Fine Rapport Commission بوو واتا (راپۆرتی کۆمیسیۆنی وردەکاریە دۆزراوەکان) ، ئەم راپۆرتە بەشێکی زۆری کراوە نەبووە.. ئەمەریکا وێنەیەکی لەو راپۆرتە لابووە و، رێگەی نەداوە کەس بیبینێت ، بەڵام یەك وێنەی لە عێراق هەبووە ، دوای رووخانی رژێمی سەددام کەوتۆتە لای ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق ، بەتایبەت د. بەرهەم ساڵح کە ئەو دەمە جیگری سەرۆك وەزیران بوو بۆ کاروباری ئەمنی عێراق ، و دەرگای کراوەبووە بۆ ئەو راپۆرتە و هەموو کات ئەیتوانی دەستیکەوێت و سوودی لێبینێت ، لەو راپۆرتەدا بە وردی و دوور و درێژی باس لە رۆڵی فرانس فان ئانرات ئەکات لەو مەسەلەیەدا ، لە لایەن تیمە هۆڵەندیەکەوە پەیوەندی کراوە بە ئەنجومەنی وەزیرانەوە و بۆ دەستکەوتنی ئەو راپۆرتە و، سوودبینین لێی لە دادگاییکردنەکەی فرانس فان ئانرات ، کە بەباوەڕیان هێزێکی گەورە بەدۆزەکە بدات لەسەر ئاستی نێونەتەوەیی بە ئامانجی زیاتر ناساندنی دۆزی ئەنفال وەکوو تاوانەکانی جینۆساید و کۆکوژی ، بەڵام بەداخەوە هیچ وەڵامێکیان دەستنەکەوتووە و کەس هاریکاری نەکردوون ، ئیدی نازانم د. بەرهەم تا چەند ئاگاداری ئەو مەسەلەیە بووە ، تا چەند نزیك بووە لە مەسەلەکەوە بە پێی پۆستەکەی لەو شوێنەدا ، ئایا لەدەستیابووە هاریکاری بکات؟ بۆ نەیکردووە؟ " .

هەر حیزب و نەتەوەیەك کاتێك دەبێتە بەشێك لە دەسەڵات , بەشدارییەکەی تەنها لە پێناو دەستکەوتی مادی و سیاسی نییە , بەڵکە گرنگترین کار لەو هاوپەیمانییەتییە ئەوەیە دەبیتە بەشێك لە دەزگاکانی دەوڵەت و نهێنییەکانی و سیاسەت و پەیوەندییەکانی , دەستی بە ئەرشیفەکانی دەگات و کەی بیەوێت بەکاریان دەهێنێت , دەوڵەت دەخاتە خزمەت سیاسەتەکانی خۆیەوە , ئەگەر دۆسییەیەکی گرنگی ئاوا لەبەردەست د.بەرهەم بوبێت و بێت لە ئێستادا , نەتوانرێت لە خزمەت بە دادگاییگەیاندنی کۆمپانیا بیانییەکان و وڵاتە بەرهەم هێنەرەکانی چەکی کیمیاوی و کۆکوژ بەکار بهێنرێت , ئەوا گەورەترین غەدری لەو دۆزانە کردووە , کۆمپانیاکان و وڵاتان بە دروشمی شۆڕشگێڕانەی ڕێکخراوەکانی فشار دادگایی ناکرێن , هەرچەندە ئەو هەوڵانە ڕاهێنانی گەلە لەسەر کارێکی مەزن و لە کۆتایشدا وادارکردنی دەسەڵاتی کوردییە بۆ ئەوەی بێتە ژێر باری ئەو کارەوە , دەنا ئەوە کارێکی درێژخایەنەو پێویستی بە ئیمکاناتی مادی زۆرو زەبەن و بەڵگەی گرنگ و هەستیار و کاتی زۆر و پشو درێژییە , هەموو ڕۆژێك هۆڵەندایەکمان تووش نابێت ئەکواو ئانراتێکی خۆی لەسەر کورد و لیبریا دادگایی بکات و دەیان ملیۆن ئیرۆی بۆ تەرخانبکات .

بۆیە لێرەوە داوا لە دەسەڵاتدارانی کورد دەکەم بە زووترین کات کۆپییەکی ئەو ڕاپۆرتە بە دەست بهێنن و بیخەنە

بەردەست پسپۆران , تاکو کاری جدی لەسەر بکرێت بۆ بە دادگایی گەیاندنی سەرجەم ئەو کۆمپانیاو دەوڵەتانەی بە چەکەکانیان پشکدار بوونە لە تاوانی ژینۆساید و تاوانی جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی بەرامبەر بە کورد , ئەگەر ئەو ڕاپۆرتە بوونی هەیە .

### هەڵوێستی بەرپرسانی کورد و دادوەرێکی عەرەب

لە درێژەی نووسینەکەیدا خاتوو ڤینۆس دەنووسێت " پاشان تیمەکە زانیاریان دەستکەوتووە کە کارمەندێکی زۆر بالأدەستی وەزارەتی پیشەسازی سەربازی عێراق –بەداخەوە ناوەکەیم دەستنەکەوتووە ، کە کەسی دووم بووە دوای حسین کامل وەزیری پیشەسازی سەربازی ئەو دەمە - لە شاری موسڵ خۆی شاردۆتەوە ، ئەمان ناو و شوێنیان زانیبوو ، بۆ مەبەستی ئاسانکاری پەیوەندیان بە کوردەکانەوە (ئیدارەی هەردوو حیزبەکەوە ، پدك و ینك) کردووە بۆ ئەوەی بگەنە ئەو کەسە ، تا سوود لە شەهادەتەکەی ببینن لە پرۆسەی دادگاییکردنی فرانس فان ئانراتدا..کە ئەگەر ئەوە سەری بگرتایە فرانس فان ئانرات بە تۆمەتی ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید سزادەدرا ، بەپێی ئەو زانیارانەی هەیەتی و ویستوویەتی بیدات ، بەتایبەت لەسەر تاوانبار فرانس فان ئانرات ، بەلأم بەداخەوە رووی نەدا.. تیمەکە پەیوەندی بە رێکخستنی حزبە کوردیەکان وکەسایەتیکانی لە موسڵ کردووە ، لەوانە بە لقی رێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ناوچەی موسڵ ئەو دەمە واتا ساڵی 2004 ، بەداخەوە ناوەکەیم دەستنەکەوت.. بەلأم مەخابن هیچ یارمەتیەکیان دەستناکەوێت ، کە دەتونرا لەرێی لقی ئەو حزبەوە لەو ناوچەیە ئاسانکاری بکرابا بۆ هێنانی ئەو کابرایە بۆ هەولێر یان زاخۆ بۆ بینینی ، دواتر پەیوەندیان کردووە بە مەڵبەندی رێکخستنەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانەوە کە ئەو دەمە (و وابزانم ئیتساش سەعیدی ئەحمەد پیرەیە) ئەوانیش بەهەمان شێوە ئامادە نەبوون هیچ یارمەتیەك بدەن.. ئیدی ئەو هەولأنە گشتی بێ ئەنجام ماونەتەوە ، ئیتر تیمەکە بە بێئومێدی گەڕاوەتەوە ، پاش ئەوە کەوتنە رێگای کارکردنی تر بۆ ئەو مەبەستە. ئەوەش بووەهۆی کوشتنی مەسەلەکە و جارێکی تر تاوانەکانی ئەنفال مرێنرا و، چەندین هەنگاو دووری خستەوە.. ئەو کارە ئەکرا سوودی لێببینرێت بۆ بەستنەوەی هەردوو پرۆسەی دادگاییکردنەکەی سەددام و دارودەستەکەی و فرانس فان ئانرات ، و هاوکات پێکەوە جموجۆڵێکی جیهانی گەورەی دەنایەوە..تیمەکە ئامادەبوون بچنە زاخۆ یان دهۆك ، بۆ وەرگرتنی شەهادەتی کابراکە ، و کابراکە خۆی ئامادەیی نیشان دابوو ، بەلأم ئەوەی مابوو کوردەکان لایەنی ئەمنی و زۆر ئاسانکاری بۆ مەسەلەکە بکەن ، بەلأم مەخابن هیچ نەکراوە ، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی هۆڵەندیەکان نەیانتوانی ئەو مەسەلەیە لە لیستی تاوانەکانی لە دژی فرانس فان ئانرات ریزبەندکرابوون دانێن ، کە دەکرا ببێتە هۆی ئەوەی بە تۆمەتی جینۆساید سزابدرێت و ئەوسا تاوانەکانی ئەنفالی لەسەر ئاستی جیهانی بە ئاقارێکی زۆر جیاوازدا دەبرد و، زۆر هەنگاو و هەوڵ و کۆششی کورت دەکردەوە لە هەوڵی کورد بۆ ناساندنی ئەو تاوانە بە تاوانی دژی مرۆڤایەتی ، تاوانی جەنگ و تاوانی کوشتنی بەکۆمەڵ (جینۆساید) کە ئەو سێ تاوانە و خەسلەتەکانیان تەواو بە پێی (یاسای بنچینەیی رۆما) کە ساڵی 1998 دانراوە و لە ساڵی 2002ەوە کاری پێدەکرێ ، لە تاوانەکانی ئەنفالدا هەن..بەلأم ئەو کەمتەرخەمی و بەدەنگەوە نەهاتن و جیدی نەبوونی ئیدارەی سیاسی کوردی و حیزبە کوردیەکان ولایەنە پەیوەندیدارە کوردیەکان لەو مەسەلەیەدا بووە مایەی دواخستنی ناساندنی ئەو تاوانە دەیان ساڵی تر بۆ دواوە." .

خەمساردی دەسەڵاتی کوردی نەك تەنها بەرامبەر بە دادگاییکردنی ئانرات بە ڕونی و ئاشکرایی دەردەکەوت , بەڵکە لەبەرامبەر هەموو پرسەکانی دیکەی ژینۆساید ڕەنگدانەوەی هەیە , لەهەمبەر کەیسی ئەنفال , کەیسی هەڵەبجە , کەیسی ڕاپەڕین , کەیسی تەعریب , کەیسی بارزانی و فەیلی ... , بەرامبەر بە بڕیاری 140 , .بگرە ئەم هەڵوێستە لە بەرامبەر هەموو کەیسەکانی نەتەوە بە ئاشکرا دەبینرێت , ئاساییە بەڕێزان سەعدی پیرەو یونس ڕۆژبەیانی وەڵامی تەلەفۆنی وزارەتی دادی هۆڵەندی نەدەنەوە , ئەوە هیچ نییە جگە لە دەربڕی ئاستی پەرۆشییان بۆ دۆزەکە و دڵسۆزییان بۆ نەتەوە , وەلێ لە هەمبەردا دەبینین کەسایەتیەکی وەك فرەید تەیفن کە داواکاری گشتی دۆزی ئانرات بوو , سەردانی

سەردەشت و ڕەشە هەرمێ و زەردە و ئالۆوەتان دەکات , مەشرەق و غەرب بۆ سەرخستنی ئەم کەیسە لە پێناو کورددا دەکات , بەڵام 2 ساڵ زیاترە داواکراوە جێگەیەك لە شاری هەڵەبجە بە ناوییەوە بنرێت, هێشتا هەواڵێکی لێ نییە , ئەوە ئەو داوایە بۆ ئاغای فەرهادی بکرابایە لە زووەکەوە کۆتایی پێهاتبوو .

ژیان هەمووی ڕەش نییە , لە بەرامبەر ئەم وێنە ناشرینە لە هەڵوێستی هەندێك لە بەرپرسان , وێنەیەکی جوانیشمان هەیە , ئەویش هەڵوێستی حاکم عارف شاهین , سەرۆکی دادگای باڵای تاوانەکانی عیراقی کە دادوەرێکی عەرەبی عێراقییە , هەر زەنگم بۆی لێدا , داوای ئەو دۆکۆمێنتانەم لێی کرد , لە دادگا دژ بە ئانرات بەکار هێنرابوون , یەکسەر دادوەرێکی کوردی بەناو خاتوو حاکم هاوار حەمە خورشیدی پێ ناساندم , ئەویش پەیمانی دا هاوکاریمان بکات , بەهۆی نەبوونی هێڵی ئەنتەرنێتەوە , چەندین ڕۆژ و هەفتە لە هەوڵدا بووم , تاکو لە ئەنجامدا بەڵگەنامەکانیان نارد , بە شایەدی ڤینۆس خان و وەرگێڕو شایەداکان بووە , کاریگەرترین بەشداری کوردی لە پرۆسەی دادگا لە دژ بە ئانرات , تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی هۆڵەندی ئاماژەیان پێیدا , ئەگەر ئەو دۆکۆمێنتانە نەبونایە قەت سزای سەپاو بەسەر ئانرات بەرز ناکرایەوە بۆ 17 ساڵ , بگرە وەك بەشداریکردنی لە ژینۆساید و قەرەبوکردنەوەی قوربانیان , ئەو سزایەش لە 15 ساڵەوە کەمدیکرایەوە , شەوی بڕیارەکە کاك حەسەنی موهەندیس بە بریندارێکی شاری سەردەشتە زەنگێکی لێدا وتی : ئەو کاغەزانە سەرمانی بەرز کردەوە ,دیارە هەر لە ڕێگای هەمان پەیوەندییەوە , پەیوەندیمان بە دادگاوە کرد و تەسدیقی بەڵگەنامەکانیان کرد دواتر , وەڵامی داخوازەکانی دادگایان دایەوە , لەو پرۆسەیە سی دی کەیسی ئەنفال و ژمارەیەکی ئێکجار زۆری دۆکۆمێنت و فلیمیش پێشکەش بە دادگا کراو بەشێکی باشی بەکار هێنران , هەرچەندە ئەو بەڵگەنامەیە لەسەر ئانرات بوو , خۆی دانی نا بە بەشێکی گرنگی نەبوو بۆ ناساندنی ئەنفال بە ژینۆساید , چونکە ڕەگەزەکانی ئەنفال لە ناو سی دی ئەنفال و بەڵگەنامەکانی تەعریبدا بوون , نەك نامەی نێوان ئانرات و سەدام , دیارە زیاتر کردنی ساڵی زیندانییەکەی وەك تۆڵەکی یاسایی و سیاسی لە تاوانکارێك گرنگی خۆی هەیە , وەك ناوەندی چاك لای وزارەتی دادی هۆڵەندی سەلماندمان دادگاکە بۆ کورد گرنگە , هەر بۆیە ئێستاش وزارەتی دادی هۆڵەندی بەرێزەوە سەیری ناوەندی چاك دەکەن , جێی خۆیەتی لێرەوە سەری ڕێز بۆ هەموو ئەوانە دابنوێنم هاوکاریمانیان کرد لەو کەیسە " حاکم عارف شاهین , حاکم خاتوو هاوار حەمە خورشید , لەتیف فاتیح فەرەج , شوان داودی , پارێزەر گۆڤەند بابان , تەلەفزیۆنەکانی کەرکووك و ئازادی " هەروەها کاك عوسمانی حاجی مەحموود بە پەرۆشەوە گوێبیستی داواکارییەکانم بوو , سەرباری پەرلەمانی کوردستان .

بە بڕوای من دۆزینەوەی ئەو کەسایەتییە عێراقییە بۆ دادگا , گرنگی نابوو بۆ ناساندنی ئەنفال بە ژینۆساید , چونکە ڕەگەزەکانی ناسینی ئەنفال بە ژینۆساید , لە شایەدییەکانی شۆڕش حاجی و بەڵگانەمەکانی ئەنفال و سی دی دادگا و بەڵگەنامەکانی تەعریب و ڕاپۆرتەکانی نەتەوەیەکگرتوەکاندا بوو , شایەدیەکانی تاناکا و والتەر بیك و سەعدوللە فەتحی , فائیز شاهین , د.عەلا و سکاڵاکانی خەڵکی سەردەشت و ئالۆوەتان و زەردە و چیرۆکەکانی مام قادری ڕەشە هەرمێی کە هەموو هۆڵی دادگاکەی هێنایە گریان , هیچ ڕەگەزێکی لە ژینۆسایدکردنی نەتەوەی کوردی نەخستە سەر کەیسەکە , بەڵکە وەك بەشێك لە تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و جەنگ سەیریان لێکرا , نابێت ئەوەشمان لە یاد بچێت کاك عەلی ڕەحیمی نەبوایا کەیسی خۆرهەڵاتی کوردستان قەت ناهاتە ناو ئەو پەروەندەیەوە , بۆیە هەموو قەرزارباری ئەو پیاوە بەتەمەنە نەخۆشەین , با ڕێگەیەك بدۆزینەوە پاداشتی بدەینەوە .

داواکاری گشتی دادگا , چەندین جار داوای بەڵگەنامەیەکی نوسراوی لێمکرد , لەسەر بوونی ئەنفالکراوان لە نگرە سەلمان , مخابن دەستمان پێی نەگەیشت , ئەگەر بهاتبایە ناوەندێکی لێکۆڵینەوەو زانیاریمان لەو بوارەدا هەبوایا , ئەوا بەبێ داواکردن دەیانتوانی دەستیان پێی بگات .

**چی بکرێت**

ئانرات لە ساڵی 1989 نزیك بە 6 مانگ لە ئیتاڵیا دەگرترێت , پاشان لەدەست دادپەروەری هەڵدێت , تاناكا لە ئەمەریكا دەگرترێت و حوكم دەدرێت و ماوەیەك لە زیندان دەمێنێتەوە , كەچی ئێمەی كورد تاكو ساڵی 2003 نە ناوی ئانراتمان بیست , تاكو ساڵی 2005 نە ناوی تاناكای ژاپۆنی , ئەمە دەربڕی خەمساردی نەتەوەیەكە بەرامبەر بە تاوانبارانی خۆی .

كەیسی ئانرات وەك ئەوەی داواكاری گشتی نیشانمی دا , لە یەك ئەرشیفی زۆر گەورە لە كاغەز و فلیم و سی دی و ڕاپۆرتی گرنگ گرنگ و چاوێكەوتن پێك هاتووە , سەرجەمیان دەیان هەزار لاپەڕە نووسراوی گرنگ پێك دەهێنن , هەزاران ناو " وڵات ,كۆمپانیا , تاك "ی تێدایە , سەرجەم ئەو ناوانە بۆ پرسی بە جیهانیكردنی ئەنفال و كیمیاباران گرنگن .

بە پێی زانیارییەكان دادگا تی دی جی ئانرات 100٪ بۆ دروستكردنی خەردەل بەكارهێنراوە لە ساڵەكانی 1986-1987-1988 , هەروەها 63٪ مادەی تی دی جی ئانرات فرۆشتویەتی بە عێراق , ئامرازی دروستكردنی مادەی كیمیاوی هێناوە بۆ عێراق , مادەی كیمیاوی كڕین و فرۆشتنی بۆ عێراق لە دوای ئۆكتۆبەری 1985 ەوە یاساغ بووە , بۆیە ئانرات بە ساختە پەیدای كردووە, نزیك 300000-400000 دۆلاری لەم كڕین و فرۆشتنەی دەستكەوتووە .

ئەو تی دی جیەی لە ژاپۆنەوە هاتووە " تاناكا و هیراتا " دابینیان كردووە , لە ڕێگەی بەندەری تریێستی ئیتاڵییەوە گەیشتۆتە عێراق , وەلێ ئەو كیمیاویەی لە ئەمەریكاوە هاتووە , لە ڕێگەی بەندەری ئەنتوێرپنەوە نێردراوە , كۆمپانیای ئەلكۆلاكی ئەمەریكی لە بەروارەكانی 30-3-1988 و 20-6-1988 , ئانرات مادەی كیمیاوی لێیان كڕیوە بۆ عێراق , پاش لێدانی هەڵەبجە .كۆمپانیاكانی ئەمەریكا هەوڵیان داوە , كاڵاكان سەرەتا بنێرن بۆ لیبریا دوای بچێت بۆ عێراق , سەرباری ئەوانە ناوی نەدیم , میسر , كۆمپانیای ئەرجەنتینی و .... لە ناواندا دەبینرێن .

لە عێراق ئانرات لە گەڵ د.عەلا و شاهین و سەعدواللە دەبینین , د.عەلا وتوییەتی بەبێ ئانرات نامان توانی مادەی كیمیاوی دابین بكەین , هاوكات تی دی جی بۆ سەعدواللە فەتحی ناردووە , لە موسەنا بەرهەم هێنراوە , عێراق هەمیشە داوای لێكردووە باشترین تی دی جی بۆ پەیدا بكات , ئێستا سەعدواللە دەترسێت شایەدی بدات , كە سەرەتا ئەو پەیوەندی پێوە كردووە بۆ پەیدا كردنی كەرەستەی كیمیاوی , شاهینیش بەوتەی باڵوێزی عێراقی لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنە , بەمە بە سوك و سانایی كارەكە لە كۆڵ خۆی دەكاتەوە , بۆیە دادگا بەپێویستی نەزانی شایەدیان لێ وەربگرێت , ئانرات لە ڕێگەی كۆمپانیای سیورجی كە بەڕێوەبەرەكەی سەعدی فەتحی بووە كارەكانی بردۆتە پێشەوە , ئەمانە هەموو زانیاری سەرپێی و خێران , باشە دەبێت كورد بۆ كەیسی هەڵەبجە ئەم ناوانە نەدۆزێتەوەو ئەو زانیاریانە پەیدا نەكات ؟ , بێشك وەڵامەكە نا یە , خەمە گەورەكە لێرەوە دەست پێدەكات .

هەروەها ئانرات پەیوەندی بە مۆزەڤ موخابەراتی هۆڵەندییەوە هەبووە , دادگا ڕەتیكردەوە ئەو فەرمانبەرانە بانگ بكات بۆ دادگا , هاوكات لە خولی یەكەمی دادگا زۆر پێداگیریان نەكرد لەوەی لە بنجوبناوانی یەكەم چاوپێكەوتنی تەلەفزیۆنییەكەی بكۆڵنەوە كە ئانراتی بەرەو زیندانی برد , پەردەپۆشیان كرد و لە دەرخستنی سەرچاوەكەی هەڵاتن .

بۆیە زۆر گرنگە بزانین , دەڵاڵەكانی دیكە جگە لە ئانرات كێن ؟ , چۆن كڕیویەتی , لە كێی كڕیوە , چۆن گواستویەتیەوە , چۆن پارەكەی بۆ هاتووە , چۆن پارەی داوە , لە كوێ ئەمبار كراوە , چ فڕۆكەیەك بەكاریهێنراوە بۆ بۆردومانكردنی كوردستان بە گازی كیمیاوی ؟ , فڕۆكەوانەكەی كێ بووە ؟ , كام كارگا سەرلەنوێ بەرهەمی هێناوەتەوە ؟؟؟ ئەمانە هەمووی پرسیاری گرنگن بۆ گەلێك ئەگەر بیەوێت ئەنفال بە هۆلۆكۆست بكات و تۆڵەی خۆی لە ڕێگەی باڵادەستی دادپەروەرییەوە بكاتەوە .

تی دی جی هاتووە , جگە لە كەرتی پیشەسازی سەربازی , لە هیچ پیشەسازییەكی دیكە بەكاری نەهێنراوە , ئەگەر بە ناوی پیشەسازی جلوبەرگەوە هاتووە , وەلێ لەو پیشەسازییە بەكار نەهێنراوە .

پارێزەرەكەی غرانس ڤان ئانرات وتی : " تاوانباری دیكە زۆرە بۆچی بەس ئانرات لێرەیە " بەڕاستی وایە , گەلۆ دەكرێت چاوەڕوان بكەین تاوانبارەكانی دیكەشمان بۆ بەرنە بەردەم دادگا , یان بۆ خۆمان هیمەتێك بكەین ؟ , ئەو هیمەتە

کاری مەزنی دەوێت , بە بێ حکوومەتێکی دڵسۆز لە فشار زیاتر تێناپەڕێت .
لە کۆتاییدا دەستخۆشی لە ڤینۆس خان دەکەم بۆ کردنەوەی دەرگای ئەم بابەتە گرنگە , هیوادارم ببێتە بابەتی جدی و ئەنجامەکەی بەوە بگات کورد بەشێك لە توانا سیاسی و ئابووری و یاسایی و هەوالگری و زانیاری و مرۆییەکانی خۆی لە پێناو سەرخستنی ئەم کەیسانە بەکار بهێنێت , بۆ ئەوەی هیچکە بە بوونی دەنگۆی بوونی کچانی کورد لە مەلهاکانی میسر نەچین بە ناخی زەویدا , بە بوونی خەزرەجی لە ئیمارات و شێخ جەعفەرەکان لە سوریا و تاوانباری کۆمپانیاکانی ژاپۆن و ئامەریکا نەتلێینەوە .

1-**هەردوو ژمارەی ڕۆژنامە** 38 و 39 .
http://www.rozhnama.com/default.aspx?r=38
http://www.rozhnama.com/default.aspx?r=39
2-
http://www.anfal.be/php/?p=21
3-چاوپێکەوتن لەگەڵ داواکاری گشتی فرەید تەیفن .
http://www.anfal.be/php/?p=20
4-
http://www.anfal.be/php/?page_id=4
7- بەڵگەنامەکانی دادگا لەسەر ئانرات .
http://www.dengekan.com/doc/2007/4/balganama4.pdf